# سێ خانمی بێتاوان !!

**کامیل ژیر**

لەیلاو ساکینە و فیدان
سێ پەپوولەی کوردستان
لەسا ی مافی مرۆڤا ، دوور لەگۆڕەپانی جەنگ
بێ هۆکاری بەرگری ، نە دەمانچە نە توفەنگ
لەکەشێکی ئاراما ، بوونە قوربانی تیرۆر
بوونە ژەمێکی چەوری بەچکەکانی گورگەبۆر

*

نیوەی دنیا خرۆشا ، بێ تاوان و تاوانکار
رژانە سەر شەقامی پانی ئەم شارو ئەو شار
هەندێ لەسای سێبەرا ، هەندێ بە پەرێزەوە
هەندێدەنگی شەرمنیش لەدوای کورسیومێزەوە
بوو بە هاوار و هەرا
بە مەزادی ئا شکرا
کەسم نەدی بە پلان ، بەهەمان چەکی بێ دەنگ
تاوانکا ری سەرەکی بکا بە وانەو بە پەنگ !!